هاوڵاتی
A Privat Weekly Issued By Ranj Print- Shop
ژمارە (١٧٣) چوارشەممە ١٢/٥/٢٠٠٤

# باوكێك لەهۆكاری مردنی كوڕەكەی دەپرسێت

ئا/ هاوڵاتی



كوڕە تاقانەكەی ئیسماعیل لەباوەشی باپیرەیدا

**پاشماوەی لاپەڕە یەك**

مەلا ئەحمەد دەڵێ: كوڕەكەم پێشتر لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، بەڵام ماوەی ساڵێكە وازی هێناوە، چوار پێنج مانگیشە لەوەزارەتی رۆشنبیریی دامەزراوە، بەڵام كە گرتییان كەس پێی نەوتین لەسەرچی گیراوە، نەیانهێشت مواجەهەی بكەین، دواتر چوون ماڵی پووریو خەزوورییان تەحەری كردووە چونكە ئەو كاتانەی لەسلێمانی بوو لای ئەوان دەمایەوە، هیچیان نەدۆزیوەتەوە، دوای هەفتەیەك چووم بۆ مواجەهەی لەئاسایشی گشتی، لەوێ قاتێ جلو لفكەو سابونم پێبوو لەدەرگاكە كە چوومە ژوورەوە وتیان بۆ لای كێ ئەچی؟ وتم: بۆ لای ئیسماعیل ئەحمەد، یەكێك لەئاسایشەكان وەرەقەیەكی بچكۆلەی لەگیرفانی دەرهێناو وتی مواجەهەی نیەو عەزێتی خۆت مەدە، نەیانهێشت.

بەدوای ئەمەشدا كە رۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە لەعەنەب سەیرم كرد دەرگاكەمان داخراوە، بەمەرجێ خۆم لەوێ كچێكی بێ دایكو ژنەكەی ئیسماعیلو كوڕو دووكچی ئەویشم لەلایە. گوایە ئاسایش هاتۆتە سەر ماڵەوەمانو تەحەرییان كردووە بووكەكەم رایكردووە بۆ ماڵێكی دراوسێمان.

مەلا ئەحمەد لەدرێژەی ئەم قسانەدا دەڵێت: دوای ئەوە كە بووكەكەم گەڕابۆوە بۆ ماڵی باوكی لەسلێمانیو پاش ئەوەی ماڵەكەیان تەحەریی كردبوو پێیانوتبوو كێتان هەیەخزمو كەس با بێن بۆ مواجەهەی مێردەكەت، منیش رۆژی پێنج شەمەی رابردوو چووم لەبەردەم ئاسایشدا وەستام بەنیازی ئەوەی ئیشاڵا مواجەهە بێت، ئیتر لەپڕێكدا كوڕێكی ئامۆزازام بەسەیارەیەكەوە وەستاو بانگی كردمو وتی: جارێ با بڕۆین، كە لەگەڵیدا سەركەوتمو رۆیشتین وتی: مامۆستا چیت لێبشارمەوە كوڕەكەت نەماوە. وتم: كە نەماوە لەكوێیە؟

وتی: تەرمەكەیمان وەرگرتۆتەوە لەمزگەوتی شێخ سەعیدی پیرانە. ئیتر كە منیش چووم خزمو كەسو كار وتیان كاكە گیان ئێمە مەیتەكەیمان لەئاسایش وەرگرتۆتەوە، بەڵام پێیانگوتین رازیمان نیە بیكەنەوە، بەڵام سەیری دەموچاویم كرد، دەموچاوی برینێكی وای پێوە نەبوو، بەڵام نەختێ لاسەریم لادا بینیم بریندار بوو ئیتر بۆم مەعلوم نەبوو برینی گوللەیە یان لێدان، تەنها هەر ئەوەندەو ناودەمیم ماچ كرد، لەبەرئەوەی خزمەكان وتیان ئێمە تەعەهودمان داوە كە نەیكەینەوەو كەس سەیری نەكاو كفن كراوەو شۆراوەو لەسەر كفنەكەشەوە نایلۆنێكی تێهەڵكێشراوە، تەقریری پزیشكییش لای خۆیانە، تا ئێستا وەرمانەگرتۆتەوە.

هەموو ئەمانەش لەماوەی نۆ رۆژدا روویدا. بەخزمەكانمیان وتووە ئەمە بەدەردی خوا مردووە، منیش قەناعەتم هەیە بەدەردی خوا مردووە بەڵام بۆچی كفنی دەكەنو نایلۆنی تێهەڵئەكێشن نایەڵن بیكەمەوە؟ بەراستی ئێمە هەستدەكەین زوڵمو غەدرمان لێكراوەو كوڕەكەمان بەتەعزیب كوژراوە، دەنا بۆچی نایەڵن بیكەینەوە. ئێمە داوا لەرۆژنامەی هاوڵاتیو مافی مرۆڤ دەكەین دەنگمان بگەیەنێتو دەشچین بۆلای مام جەلال ئەگەر ئەمری مام جەلالە بیكوژن بەسەر چاو، من دڵنیام مام جەلال لەكوشتنی كوڕەكەم بێ ئاگایە، ئەوان سەرپێچی فەرمانی مام جەلالیان كردووە، فەرمانی مام جەلالە نابێ لەزینداندا نەلەكەس بدرێو نەكەس بكوژرێ، ئەی كوڕەكەی منیان بۆ كوشتووە؟ ئەگەر نەیانكوشتووە بەتەعزیب فەرموون ئێستاش با بێن كەشفی جەنازەكەی بكەن، ئەگەر وا نەبوو دەڵێم درۆم كردووەو پەشیمان دەبمەوە.